نووسینی د . زاهیر سوران

11 ی ئەیلولی 2004 .

# زیپکە

# Acne

بریتییە لە سووربونەوەی شوێنی هاتنەدەرەوەی موو لە بنکەی مووداو یان لە بنکە ی گلاندەچەورەکانی ژێر پێستدا دەردەکەوێت . زیپکە چەندین شێوە و , رەنگ و جۆری گەورە و گچکەی هەیە , زۆرجاران پاش چاکبونەوەی شوێنەوار بە جێدەهێڵێت .

### هۆزانی

– بۆماوە ( لە دایکوباوکەوە)

– بەکتریا .

– زێدبوونی بنکەی گلاندە چەوریەکان .

### هۆکاری خراپبوون

– دەرمان , بە تایبەتی کۆرتیزۆن , ستێرۆیدەکان ,هۆرمۆنی نێر

– مادەی کیمیکی

– مادەی ئارایش و خۆجوانکردن .

– کاری هۆرمۆن :زۆرجاران پێش بێنوێژی زیکە زۆر خرای دەبێت .

### دەستنیشانکردن

– زێدەتر لە لاواندا دەردەکەوێت .

– زێدەتر لە پێستی چەوردا دەردێت .

– گۆرانکاری پێست (رووخسار , پشت, مل , دەفەی شان و سنگ).

– جاری واهەیە زیپکە سۆ دەکات .

### چارەسەرکردن

– پێویستە نەخۆش بزانێت کە چارەسەرکردن تا چاکبوونەوە ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت .

– زۆر گرنگە پاش چاکبوونەوە بەردەوام چارەسەری شوێنەکە بکرێت.

– پێویستە رۆژانە بە ئاو وسابوونی مامناوەندی رووخسار بشۆردرێت .

### دەرمان

– ئەو زیپکانەی تووشی سووربونەوە نەبوون پێویستە نەخۆش بۆماوەی 3 هەفتە ئێواران دەرمانی adapalen ی بدرێتێ

– ئەو زیپکانەی سووربونەوەکەیان مامناوەندییە ئەوا پێویستە نەخۆش بەیانیان bensylperoxigel یان klindamycin ی بدرێتێ.

– ئەو زیپکانەی تووشی سووربونەوەی خراپ دەبن پێویسە بەیانیان bensylperoxidgel و ئێواران adapalengel ی بدرێتێ.

– زۆرجاران دەرمانی ێتراسایکلین 300ملگم رۆژانە 2 جاران .

– هەندێکجار زیپکە گەورەیەو شێوەی دومەڵ وەردەگرێت ئەوسا پاش گەیینی زیپکە پێویستە دەربکرێت .

– لە سوید لە دەرمانخانەکاندا دەرمانی دژە زیپکە ACO هەیە و بێ رەچەتە دەفرۆشرێت .

– لە بارە ئاڵۆزەکاندا دەرمانی Klyndamycin و Tetracyclin بە سوودە .

, 


(وێنەی زیپکە- Acne)

( بێڕەزامەندی د . زاهیر سوران کەس بۆی نییە ئەم وێنەیە بەکاربهێنێت)

سەرچاوەکان

1- د . زاهیر سوران , نەخۆشییە درمەکان , سۆ بەکتریاییەکان , بەشی سێیەم , چاپی یەکەم , سلێمانی- کوردسان , 2004 .

1. Dr. Ylva Ohlsson, Akne, ungdomsfinner, Göteborg. www.fass.se.